www.kurdistannet.org
12-5-2003 18:58

# ئایندەی عێراق لە ئاکامی جەنگی دیمۆکراسی دا

**عەباس باڵەك**
abas.n@web.de

بەشی یەکەم

شارستانیەتی میزۆپۆتامیا چوار هەزار ساڵ بەر لەئێستا بوونی هەبوە. . . بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە ئیسلامن و ئیسلامیش تەنیا خۆی قبوڵە و هیچ بیروباوەڕێکی تر نا. . . (ڕۆژ هەلات ناسی ئەڵمانی پێتەر شۆل) .

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەو ڕوداوانەی ئێستا لەعێراق ڕودەدەن و ئاوڕێکیش لە ڕابردوو بدەینەوە دەکرێ چەندان ڕاو بۆچون سەبارەت بەئایندەی عێراقی ئاینده بێنە ئاراو گوتن. عێراقێک وا نزیکەی بۆ پەنجا ساڵ دەچێت لەلایەن دەسەڵاتی عەسکەرەوەبە ڕێوە دەبرێت و هەر هەموو دەسەڵاتەکانیش لە ڕێگای کوشتن و بڕینەوە هاتونە سەر تەختی دەسەلات. وڵاتێکە بۆ پەنجا ساڵ دەچێت نەک لە شارستانیەت دابڕاوە بەڵکو ڕۆحی مەدەنی لە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە دەرکێشراوە بۆیە نە بەدیموکراتی کردنی هێندە کارێکی ئاسانەو نە زلهێزەکانی دونیاش کە ئەمڕۆ حاکمی ولاتەکەن دەیانەوێت عێراق دیموکراتی بکەن.
کۆمەڵی دیموکرات ومەدەنی پێویستی بەوشیاری تاک هەیەو تاک دەبێ ببێتە ژێرخانی دەسەڵاتێکی یاسایی بۆ بنیاتنانی. نەک بە سەرکردەیەکی دەستکردی کەگومان لە ڕابردوەکەی بکرێت. هەرگیز ناکرێت سەرۆک بەبێ بڕیاری تاک دروست بکرێت وە نەدەتوانێت بەهەناوی هاووڵاتیان دا شۆڕ ببێتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ لەناخی تاکەوە وزەیەک دروست ببێت و ئەو وزەیە ببێتە داینەمۆی دروست کردنی سەرکردە.

دیمۆکراتیزەکردنی عێراق جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیەتی دوای شەری دووەمی جیهانی لە ئەڵمانیاو یابان وکۆریای باشور وڵاتانی تری ئەوروپا. ئەگەر هیچ نەبێت دەتوانین دەست نیشانی ئەوەبکەین کەلەو وڵاتانەدا بەر لەدروست بونی شەڕو کێشە تێیاندا دەسەڵاتی کەنیسە دەسەڵاتێکی دیاری کراو بووە. جگە لەوەی کە ئەو وڵاتانە ولاتی پیشەسازی بوون لەدوای تەواو بونی شەڕ خۆیان خۆیان بنیات ناوەتەوە.

ئێمەی کورد ئەگەر سود مەندی شەڕی نێوان ئەمەریکاو عێراق بین هەناسەیەیێکی خۆشی وهەست کردن بەئازادی هەڵبمژین ناکرێ ناوی جەنگی ئازادی عێراقی لێبنێین. چونکە ئەو جەنگە سەرەتای کۆلۆنیالی کردنی وڵاتانی جیهانی سێیەمم و ڕۆژهەڵاتی ناوینە.

ڕوخانی دیواری بەرلین و لێک هەڵوەشانی بلۆکی سۆسیالیزم و کرانەوەی سنورەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەموویان سەرەتای تۆماری مێژویەک و کۆتایی مێژویەکبوون. دواهەمین شەڕی نێوان ئەمریکاو عێراقیش دەتوانرێت بە قۆناغێکی تری سەرهەڵدانی مێژوییێکی تر دیاری بکرێت و دەسەڵات گەرایی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەموو ئەو پەردەو پێچانەی لە ڕووی خۆدا داماڵی کە لە دوای جەنگی ساردەوە شوێنەوارێکیان مابوو.

ئەگەر کێشە دیمۆکراتیزەکردن بێت خۆ مۆبۆتۆی سەرۆکی کۆنگۆی جاران هێندەی سەدام حوسێن دڕندەو دیکتاتۆر بوو کەچی سی ساڵ بەپشتیوانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر کورسی دەسەڵات مایەوە تا هێزی گەل ڕای نەماڵی ئەمریکا لە گوڵ گرانتری پێ نەگوت.

خزمەتکارو کەنیزە کارکەرەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیاو ئەفریقیا تائێستاش لە لایەن دەولەمەندو عەرەبەکانی ولاتە میر نشینەکانی کەنداو سەوداو مامەلەیان پێ دەکرێت و لە کاتی کارکردنیشیاندا ئەو پەڕی سوکایەتی ونایەکسانیان لە گەلدا بەکاردیت و تەنانەت زۆر جا لە کاتی لێدانیاندا تێیاندا هەیە بۆتە پەک کەوتە. کەچی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی سالانەی خۆی کە سەبارەت بەمافی مرۆڤ دەری دەکات ئەمسال **٢٠٠٣** ناوی قەتەرو بەحرەین و. . . . . هێندێک ولاتی تری هێنا کە ڕەوشی دیمۆکراسی لە بەرەو پێشچوندایە لە هێندێک ولاتیش لە خراپ بوون دایە لەوانە سعودیەی عەرەبی. بێ گومان تا پەیوەندی نێوان سعودیەو ئەمریکا بەرەو گرژی نە چوو بە هیچ شێوە یە ک باس لەپێشێلکاریەکانی نەدەکرا.

گوێ نەدان و بەهێند هەلنەگرتنی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لایەن ئەمریکاوە پێشێلکارییێکی دیارو ئاشکرا یە دژ بە چەمکو ناوەرۆکی دیمۆکراسی. ئەی چۆن دەبێ بکرێ مافی بەدیموکراسی کردنی دونیا بەخۆی بدات. ؟؟؟؟.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت